| حكومەتی هەرێمی کوردستان<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>سکرتاریەت | | حكومة اقليم كوردستان<br>مجلس الوزراء<br>السكرتارية |
|---|---|---|

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (١٣٨) لە ٢٠٢٢/٣/١٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٨) لە ٢٠٢٢/٣/١٦، و لە پێناوی برەودان بە لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی هاوبەشی گشت وەزارەتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و باشتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەدەنگەوەچوونی داواکارییەکانی هاووڵاتییان و پێداویستی و پڕۆژەکان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە ناردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە یاسا تایبەتمەندەکان پێیان بەخشیون پێشتر بە بڕیاری جیاجیا و بە هۆکاری جیاواز ئەو دەسەڵاتانەیان گوازراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتی دارایی و ئابووری یان هەر دامەزراوە و لایەنێکی دیکە، لەگەڵ ئاماژەدان بە ئەو یاسایەی کە دەسەڵاتەکەی پێداون و هەروەها ژمارە و ڕێکەوتی ئەو بڕیار و نووسراوانەی کە ئەو دەسەڵاتانە پێی گواستراوەتەوە.

٢. پێویستە لەسەر هەر وەزیرێک بابەتی بڕگەی (١)ی سەرەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات لەگەڵ خستنەڕووی پلانی خۆی سەبارەت بە چۆنێتی سوودوەرگرتن لە دەسەڵاتەکان لە بواری باشترکردنی خزمەتگوزاری و ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتییان و ڕێکخستنەوەی داهاتی ناوخۆی وەزارەتەکان بە ئاڕاستەی خەرجکردنەوەی وەک داهاتی گشتی بۆ خزمەتی هاووڵاتییان.

٣. پێویستە هەر وەزارەتێک بە خشتەیەک داهاتی ناوخۆی وەزارەتەکەی بنێرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ساڵەکانی (٢٠١٩، ٢٠٢٠، ٢٠٢١، سێ مانگی یەکەمی ٢٠٢٢) و ڕوونکردنەوەی ڕێژەی زیادبوون یان کەمبوونی داهاتی ناوخۆی وەزارەت بەپێی ساڵەکان.

٤. پێویستە وەزیرەکان دەسەڵاتەکان لەلای خۆیان قەتیس نەکەن، بەڵکو شۆڕیان بکەنەوە بۆ ئاستەکانی خوارەوەی بەڕێوەبردن بە ئاڕاستەی برەودان بە لامەرکەزییەت لە بەڕێوەبردندا و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە ڕاییکردنی مامەڵەکان و باشتر کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆیان.

٥. فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون هەڵسانگاندنی پێویست بۆ ئەم بابەتە دەکات بە هەماهەنگی سەرۆکایەتی دیوان و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٦. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران